# مرۆڤ لەگەڵ هاتنەکاندا

محەمەد گەلاڵەیی

باشووری کوردستان_ شاری سۆران

2006/3/28 سێ شەممە

لەگەڵ هاتنی هەر بارانێکدا
پشکوتنی گەڵایەك

لەگەڵ داگیرساندنی هەر مۆمێکدا
هەڵبوونی ڕووناکەیەك

لەگەڵ هەر خۆرئاوابونێکدا
چاوەڕوانی بەیانێك

لەگەڵ هاتنودیتنی هەر یارێکدا
گەشانەوەی دڵێك

لەگەڵ هاتنی هەر کەسێکدا بۆسەر قەبرم
سلاوێك

لەگەڵ هاتنو بینینی هەر برادەرێکدا
چاكوچۆنیەك

لەگەڵ مردنی هەر کەسێکدا
زیادبوونی قەبرێك

لەگەڵ شەهید بوونی هەر گەریلایەکدا
مرانەوەی ئەستێرەیەك
لە نیشتیمان

*لەگەڵ هەڵگیرسانی هەر شۆڕشەێکدا*

*دروستبوونی شۆرشەگێرێك‌و*

*کیانێك بۆ سەربەخۆیی ئەو*

*نەتەوەیە،بەڵام بۆ کوردنەبوو*

*کیانێك بۆی بڕەخسێت دەوڵەتێك..!!.*

*لەگەڵ ڕۆیشتن بۆ هەر شوێنێکدا*

*تووشبوونە بەڕێگایەك*

*سەختە یا ئاسان*

*لەگەڵ هەر شووکردنێکدا*

*دروستبوونی جوتبونێك*

*لەگەڵ هەموو شتێکدا*

*شتێك دێتە کایەوە*

*تەنیا لەگەڵ مردندا*

*نەبێت کە دەرچونی*

*ڕۆحێکی مرۆڤانێکە*

*بۆ ئاسمانەکان‌وبەس*